نەتەنیاهۆ پلانی خۆی بۆ "کۆنترۆڵکردنی غەزە" کۆتایهێنان بەشێوە ئاشکرا دەکات

بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل ئەمڕۆ پێنجشەممە، پلانی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕی غەزە لادا و رایگەیاند، ئەو پلانە لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە.

بنیامین نەتەنیاهۆ لەپەیامێکدا رایگەیاند، "هەفتەیەك لەمەوبەر لەگەڵ حکومەت کۆبومەوە، پێنج بنەمامان بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕەکە دیاریکرد، چەکداماڵینی حەماس، گەڕاندنەوەی هەمو بارمتەکان بەزیندوی و مردو، چەکداماڵین لەکەرتی غەزە تەنیا بەمانای داماڵینی چەك لەحەماس نییە، بەڵکو دنیابون لەوەی چەك لەکەرتی غەزە دروست نەکرێت یان بەقاچاخ نەبرێتە غەزەوە".

سەبارەت بەحکومەتی جێگرەوە، نەتەنیاهۆ وتی، "حکومەتێکی مەدەنی بەدیل، نەحەماس و نەدەسەڵاتی فەڵەستین لەخەدەگرێت کەسانێك کەمندالەکانیان پەروەردەناکەن بۆ ئەوەی تیرۆریست بن، پارەی تیرۆر نادەن، هەروەها تیرۆریست نانێرن".

باسی لەوەشکردوە، "ئەم پێنج بنەمایە گەرەنتی ئاسایشی ئیسرائیل دەکەن، ئەمە مانای وشەی سەرکەوتنە، ئەمەیە ئەو هەنگاوەیە کە ئێمە کار بۆ دەکەین و پێمانباشە بۆ هەموان لێی تێبگەن".

پێشتریش ژمارەیەک پێنجشەممە، دو بەرپرسی ئیسرائیلی بە ئاژانسی ڕیتەرزیان ڕاگەیاندبوو، دەیڤید بارنیا سەرۆکی مۆساد سەردانی قەتەری کردوە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئاگربەست لە کەرتی غەززە.